# نامەیەک بۆ( رۆزا)ی کچی ڕێبوار عارف

08.05.2005

جەمال شەریف

jamal_akar@hotmail.com

ڕۆزا گیان !

بەم چەند دێرە گەر بتوانم هەندێ لە هەستی دەرون بۆ تۆی ئازیز بکەمە سەر لاپەڕەیەک ، لێم ببوورە گەر نەتوانم بەزمانی منداڵانەت بۆت بدوێم بۆیە دڵنیام تۆی تەمەن شەش ساڵ لێم تێ ناگەییت و سەرت دەیشێنم ، بەڵام تکام وایە ڕێگەم بدەی کە چۆن لە پەنجەرەی خەیاڵەوە تێت دەڕوانم هەندێ ڕاستی ژیانی تۆ و خێزانەکەت کە ئەبینم بۆت باس بکەم ، بەڵکو گیانی منیش کەمێ ئاسودەیی بۆ بێت .

چاوم لێتە دەست و پەنجەت بەیارییەکانتەوە خەریکە و هەست ونەستت چاوەڕوانی باوکە خۆشەویستەکەتە . ئەو باوکە دڵفراوانەی کە نەتەنها خەمخۆری تۆی بچکۆلانەو جگەرگۆشەکەیەتی، بەپەرۆشی گشت منداڵان سیمایەکی وای پێداوە لە هەربۆنەو مەراسیمێ جێگەو ڕێگەی گوێرەی توانا بۆ منداڵان دیاری ئەکا .جگەلەوەی ساڵانێکە ئەرکی گرانی بەدادگا گەیاندنی تاوانبارانی ئەنفال و گازی کوشندەی لە ئەستۆ گرتووە سەرسەختانە قۆڵی لێ هەڵماڵیوە .

بەڕاست (ڕۆزا )زۆر جار دیومە چاوەگەش و جوانەکانت پەیامی دەرونە پاک ومنداڵەنەکەت دەدرکێنێ ((بابە دیسان بۆ کوێ دەچی ؟ کەی دێیتەوە لە ئامێزم بگریتەوە یاریەکانم لە گەڵ ساز دەی بەقسەی خۆش بەپێکەنین کۆڕی خێزان گەرمترکەی ؟ هەرچەند ئەگەر لاشمان دەبی سەرکۆمپیوتێرەکە دەگری کاروباری پەنابەران بۆ چارەسەری گرفتەکانیان هێواش هێواش پەلکێشت دەکاتە نێو دونیای پڕ مەینەتی و ئازارەکانیانەوە ، بەڵام هێندەی کاتێکی کەم لە گەڵ مندا بەسەر دەبەی شادی زۆرم پێ دەبەخشی بۆیە هەردەم لە نێو دڵمی و هاوڕێیەکی زۆر دڵسۆزی))

(ڕۆزا) زیاتر گوێم لێ بگرە تا پێت بڵێم کە باوکی تۆ لە زیندانە ، ئەو زیندانەی ساڵێنێکی لەمەو پێشتر لە سەردەمی ڕژێمێکی دیکتاتۆری بێ پەردەتر ئاشنای بوو . هەمان زیندان ، هەمان یاسا،هامان تاوان (ملکەچ نەبوونی ستەم و لایەنگری مافی مرۆڤ و چاوبڕینی لە ئاسۆیەک کە پەیامی دونیایەکی باشتر ی لە هەناویدا هەڵگرتوە ).تەنها شتێ کە جیاوازە یاساوڵەکانی زیندانی ئێستا قوتابی ئەوانی پێشون ، بۆیە ئەگەر لەم کارەساتە تێبگەیشتایەی ڕووت لە خاوەن زیندانە تاریکەکانی ئەمرۆ دەکردو بە پێکەنینەوە دەتوت (( خەیاڵتان خاوە .مامۆستاکەتان نەی توانی پەنجە بۆ ورەی بەرزی باوکم بەرێ ئێوە چۆن دەتوانن تۆوی تەسلیم بوون لە دەرونیدا سەوز بکەن )).

تۆ تێناگەی ، بەڵام دیارە پرسیارێک هەستی دایکت دەوروژێنێ ، ئەو دایکەی تۆی کە پەروەردەی ئاو هەوای (فینلەندا)یە بە سروشتی دیمو کراسی ئەم دەڤەرە ئاشنایە ، کەمافێکی سەرەتایی هەر کەسێکە ڕای خۆی بڵێ لە هەر شوێن و بە هەر جۆرێ کە پێی خۆشە . ئێستا بۆ چی لە کوردستانی ئازاددا لە ژێر سایەی حکومەتی دیموکرسی ئەمریکادا ئازادی هێند بێ گیان دەکرێ بەرگەی چەند ساتێکی پەیامێکی (ڕێبوار عارف)ی باوکت ناگرێ ؟!!.